# „ گەورەبکوژەکە لەناوبرا “

نووسینی: میخایل ڤارسێ
و. لە ئەڵمانییەوە: هیوا ناسیح

**ڕۆژی ۹ی ئەم مانگە، کە هەواڵی کوژرانی زەرقاوی گەورەتیرۆریست بڵاو کرایەوە، ماسیمیدیای جیهانی بایەخێکی یەکجار گرنگیان بەم هەواڵە و بابەتی تیرۆر لە عیراقدا دا, منیش بۆ بەئاگا بوونی خوێنەرانی کوردزمان لە دید و بۆچونی کەسێکی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی لە سەر مەسەلەی تیرۆر و کوژرانی زەرقاوی و دەرئەنجامەکانی و ئاسۆی ئاینده، بڕیارم دا ئەم وتارە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم، کە مەرج نییە من لە سەر ئەو بابەتە لەگەڵ نووسەر دا هاوڕا بم.**



ئەو کەسەی زۆرترین بەدواگەڕانی لە عێراقدا بۆ کرا وە بە لوتبەرزییەکەوە لەم چەند مانگەی دواییدا خۆی نیشان دەدا، بە نیوە گاڵتەکردنێکەوە کە لە ناوەڕاستی مانگی ئازار دا سێرەی بە تفەنگێک گرتبو، لە میانی کاسێتێکی ڤیدیۆیی پڕوپاگەندەییەوە لە سەر سایتێکی ئینتەرنێتی، خۆی دەرخست. (( ببینن، من وا لێرەم و ئەمەش روخسارمە))، ئەبو موسعەب زەرقاویی، لە پەیامەکەیدا وای گوت. (( ئێوە بەدوای مندا دەگەڕێن، ئەمەتا وا من بە ئازادی دەگەڕێم و ئەتوانم پشت بە لایەنگرێکی خۆم ببەستم.)) پەیامەکەی زەرقاویی ٣٤ خولەک بوو. بینیمان پیاوێکی ٤٠ ساڵەی ئوردونی تیرۆریست، لە نمایشێکی ترسناک و بەخۆنازیندا لە جیهادستانەوە، کە گفتوگۆی لەگەڵ لایەنگرەکانیدا دەکرد. دەبێت ((هێرشی خاچپەرستەکان)) ڕابگرین و سەربازانی ئەمریکی تەنها کاتێک دەتوانن بخەون ((کە حەبی خەو بخۆن)).

لە سەر هۆکاری ئەم بە دیارکەوتنەی زەرقاوی، زۆر لێکدانەوەی جیاواز هەبوو. دەریشکەوت کە ئەم نەگبەتی بوو، چونکە ئەو کارێکی کرد، کە هێزی هاوپەیمانان و پۆلیسی عێراقییش زۆر زانیاریان لەسەر شوێنی دانیشتن و ئاکارەکانی زەرقاویی دەستبکەوێت.

## درەختە ناپاکەکان



بەدواداچونی یەکلاکەرەوە لە لایەن دەزگای هەواڵگری ئوردونەوە بوو، گوایە ئەوان درەخت و دەوەنەکانی ناوچەی بەعقوبە، کە لە کاسێتە ڤیدیۆ ییەکەدا دەرکەوت بوو، دەستنیشان دەکەن(پێ دەچێت ئەم کارە لە ڕێگەی پسپۆڕانی بواری جیۆلۆجییەوە بوو بێت - وەرگێڕ -)، بە هۆیەوە لەم چەند هەفتەیەی دواییدا حەشارگەکەی زەرقاوییان پێ دۆزیەوە. دەبێت ئەوان ئەم کەڵە تیرۆریستەیان بیست و چوار سەعاتە چاوەدێری کردبێت.
دوا جەخت کردنەوەش پاش دەسگیرکردنی یەکێ لە بەرپرسەکانی سەر بە زەرقاویی لە لایەن ئەمریکییەکانەوە بوو، کە دەکرێت ئەم پیاوە خیانەتی لە سەرکردەکەی کردبێت. شارەزیانی بواری تیرۆر بۆ ئەوە دەچن، کە ئەم بەرپرسە بە ئارەزوو کارەکەی نەکردوە، بەڵکو قسەی پێ کراوە و زانیاریەکانی لێ دەرکێشراوە.

سەرەڕای زانیارییە تەواوەکان، هەر چالاکییەکی سەربازی کە بۆ سەر حەشارگەکەی و دەسگیرکردنی زەرقاوی سازبکرایە، شتێکی پڕ مەترسیی دەبوو. یەکەکانی سەربازانی ئەمریکی و هاوپەیمانان نەدەبوو وە نەدەکرا لێی نزیک ببنەوە. ئەمە خەڵکانی یاریدەدەری عێراقی وا دەڵێن. زەرقاویی هەر وەک لە ڕابردوشدا ڕویداوە، دەکرا لە دوا ساتەکاندا هەڵبهاتایە و خۆی قوتار بکردایە. هەر بۆیە سوپاسالاری ئەمریکی بڕیاریدا، کە بە ( ئەگەرێکی دڵنیاییەوە) کارەکە ئەنجام بدات، ئەمەش خاپورکردنی حەشارگەکە بە دوو بۆمبی ٥٠٠ پاوەنی (نزیکی ٢٥٠ کغم - وەرگێڕ) بوو. چەند سەعاتێک دواتر هێزی پیادە توانیان بچنە سەر شوێنەکە لای بەعقوبە و زەرقاویش لە ڕێی پەنجەمۆر و نیشانەکانیەوە بناسنەوە.

## پەرەسەندنی توندوتیژی هەڕەشە دەکات

کوژرانی گەورەتیرۆریست لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە، نوری ئەلمالیکی بە ئاسودەیی و زەردەخەنەیەکەوە ڕاگەیەنرا، ((گەورەبکوژێک لەناوبرا)) ئەو گوتی.
نابێ وا بزانرێت کەوا بە زوویی توندوتیژی کۆتایی دێت. خۆ پاش کوشتنی کوڕەکانی سەددامیش وە دەسگیرکردنی خودی دیکتاتۆریش هیچ شتێک لە مەسەلەکە نەگۆڕا، ئەمە

ڕۆژنامەنووسی عێراقی حەسەن ئالوسی وا دەڵێت. هەڵبەت توندوتیژی بە پێچەوانەوە پەرەدەستێنێت، پاش کوشتنی زەرقاویش شتێکی وا ناگۆڕێت.
ڕێکخراوەکەی ڕەگی قوڵی لە عێراقدا هەیە،مێژوونووسی ئەمریکی (جوان کۆل) وا دەڵێت، عێراقییەکان (بیانییە عەرەبەکان)یان وەک سەرکردە لێک هەڵوەشان، بۆ ئەوەی روخسارێکی عێراقی بە تۆڕە توندڕەوییەکە بدەن. هەر بۆیە کە قسەکردن لەسەر (سەرکەوتن بە سەر تیرۆردا) گوتەیەکی ناماقوڵ و شێتانەیە. (کۆل) ئەوە بیر دەخاتەوە، کە زەرقاوی پاش داگیرکردنی ئەمریکا بۆ عێراق جێ پێی خۆی لەوێدا کردەوە وە ئەو سودی لە یەکێک لە (هەڵە زنجیرەییەکانی حکومەتەکەی بۆش) وەرگرتووە.

هەروەهاش موستەفا عەلانی لە (سەنتەری لێکۆڵینەوەی کەنداو) لە دوبەی، چاوەڕوانی هیچ (گۆڕانێکی ڕیشەیی) ناکات. ((ئەم خەڵکانە دەزانن ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگیرێن یان دەکوژرێن، تواناکەشیان لە شانە ڕێکخراوەییەکانیاندایە و بووە، بۆیە کە بە کوشتنی تاکێکیان سەرلەبەر لاواز نابن)).
مرۆڤ دەتوانێت هەر لەم ڕوانگەیەوە بۆ ئەوە بچێت، کە ئێستا لە ژێر ناوی (شەهید زەرقاویی)یەوە کارەساتی خراپتر بقەومێت، پسپۆری بواری ئیسلامیی دانیشتوی لەندەن (یاسر ئەلسیریی) لەمە دەترسێت: (( لە عێراقدا دەکرێت مرۆڤ حیساب بۆ زنجیرەیەک تۆڵەی هەڵمەتی خوێناویی بکات)). گروپە تیرۆریەکان دوێنێ رایانگەیاند، کە ((بەردەوام دەبن لە خەباتیاندا و لە سەر ڕێبازی شەهید ئەبو موسعەب زەرقاویی دەڕۆن)).

## حکومەت تەواوکاریی دەکات

ئومێد بە لەکزیدانی توندوتیژی هێشتا هەر هەیە. هۆکەشی دواترین تەواوکاریی حکومەتەکەیە. پاش شەش مانگی کێشمەکێش، مالیکی سەرۆک وەزیران توانی پاڵێوراوەکانی بۆ وەزارەتەکانی بەرگری، ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی دیاریی بکات. پەرلەمانیش ناوی لێنان. دەکرێت ئەمەش ببێتە بەردی بناغەی بەرەنگاربوونەوەیەکی کاریگەر بۆ توندوتیژی ئاینی.

٢٠٠٦/٦/١٥

**<u>سەرچاوە</u>/** Massenmörder ausgelöscht, ڕۆژنامەی TAGBLATT ڕۆژی ٩ی جونی ٢٠٠٦